# راگەیاندنی دەنگی کۆمەڵە

بە پێی ئەو هەواڵانەی کە سەرلەبەیانی و ئەم ئێوارێیە بە دەنگی کۆمەڵە گەیشتوون،خەڵك لەم دوو رۆژەدا لە شارەکانی سنە، بۆکان، سەردەشت، مەهاباد، مەریوان، سەقز و باقی شارەکانی تر جێژنی نەورۆزیان رێز لیٚ گرتووە و بۆ خۆشی و شادی هاتوونەتە ناوشەقامەکان و لە ناو شار و لە بەرزاییەکان ئاگریان کردووەتەوە. هێزە داگیرکەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە زۆر شوێن هێرشیان کردووەتە سەر کۆبوونەوە و ئاهەنگی نەورۆزی جەماوەر و ژمارەیەکیان لە خەڵك و لاوان دەستگیر کردووە.

خەڵکی تێکۆشەری هەموو شارەکانی کوردستان ئەوە یەکەم جار نییە کۆماری ئیسلامی هێرش دەکاتە سەر مەراسمی نەورۆزی ئێوە لە کوردستان، ئیجازە مەدەن رۆژی نەورۆز ئەو گیراوانە لە زیندانی جمهوری ئیسلامیدابن.

هەموو خەڵکی شارەکان بخرۆشێن و بە یەك دەنگ داوای ئازادی گیراوەکان بکەن، با بتوانن لە رۆژی نەورۆزدا لەگەڵ خانەوادە و خەڵك جێژنی نەورۆز بگرن، ئێمە دڵنیاین یەکگرتوویی ئێوە و سووربوونتان لەسەر ئەو داخوازییە، کۆماری ئیسلامی ناچار دەکا کە گیراوەکان ئازاد بکا، لە هەمان کات دا پێویستە خەڵك و لاوەکان وشیاری خۆیان بپارێزن و بیانوو نەدەنە دەست داگیرکەرانی کوردستان، بەڵام بەجێژن و شادی و ئاهەنگی خۆتان درێژە بدەن.

کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران